# سەرکەوت ڕەسوڵ شیعر دەدات بە هونەرمەندان



سـەرکـەوت ڕەسـول لـە چاوپێکـەوتنـی دا لـەگـەڵ پـەیامنێری (ڕۆژی گـەل) ڕایگەیاند کە؛لەبواری شیعردا ،شیعرم داوە بـە چـەنـد هونەرمەندێکی کورد، هەروها پێنچ شیعرم داوە بە بلّند ئیبراهیم ،سێ شیعرم داوە بە کـاروان کامیـل وەهـەروەهـا وتـی شیعرم داوە بەگۆران سالح و هـۆگر تـەنیا کـەریـم سـۆران و هـەڤال شـێخانی و دلێـر عبـدولقادر محـەمـەد عـەزیـز وهتـد...لـە دوای دا سـەرکـەوت ڕەوڵـی شـاعیر زۆر بەگەرمی سوپاس و دەسـت خۆشـی لـە ڕۆژنامـەی ڕۆژی گـەل کـەر بـۆ ئـەم بـەسـەرکردەوەیـەو ئەم چاوپێکەوتنە.

**تێبینـی/ سـەرجـەم هـەواڵـە هونەریەکانی دوا لاپـەرەی (ڕۆژی گـەل) لـەلایـەن پـەیامنێرمـان لـەشـاری هـەولێـر (ڕەوەنـد حاجی)یەوە ئامادە دەکرێت.**



**بـەرپرسـێک** گوتبـووی: مێـدیاکانی تورکیـا، بـە تایبـەتـیش دەنیـز بایکـاڵی سـەرۆکـی پـارتی کۆمـاری تورکیـا زۆر کـەرە! دەنـا چـۆن ئێمـە دڵمـان دێ یـەک ملیار دۆلار بدەینە ئەردۆگان تا هێرش نەکاتە سەرمان!!

**بـەرپرسـێک** لـە دوای پـەیـامنێرێکی نـاردبوو، گلـەیـی ئـەوەی لێکردبـوو کـە بۆچی فایلی ئەوانە هەڵدەداتـەوە کە لە شەڕی ناوخۆ گوم کراون؟! پەیامنێرەکە گوتبووی: کـەس ئاگای لـە دەردی کـەس نییە! تۆ پاڵت داوەتەوە، ئێمەش جەرگمان سـووتاوە! باشـە بۆ چـی دز و پیاوکوژ وەبەر لێبووردن دەکەون، بەڵام گیراوانی شەڕی ناوخۆ نابێ باسیان لێوە بکرێ!!

**کەسێک** دەیگوت: کابرایێکی قاچاغچی ناسراو لە هەندەران بانگکراوەتـەوە و لـە فرۆکـەخانـە کاریـان پێداوە، گوایـە ئـەو کـەسـە سـەری لـە پـەسـاپۆرتی ساختە دەردەچێ، بەڵام ئەگەر دەست بە کاری پێشووی بکاتەوە چی؟!!

**فێرخـوازێکی** زانکـۆ دەیگـوت مـن دڵـم لەسەر زانست و زانکۆش سارد بۆتـەوە، چونکـه خوێنـدن و زیـرەکـی و خۆمانـدووکردن ڕۆڵـی نـەمـاوە، بەرپرسەکان کێیان بوێ دەتوانن یەکەمی بکـەن، بـێ مانـدوو بـوون ڕەوانـەی ماجستەریشی دەکەن!!

**وەزیرێـک** گوتبـووی: ئـەوەنـدەی لـە ڕۆژنامەنووس دەترسم لە خوا ناترسم! من نازانم ئەو نهێنیانە چۆن پەیدا دەکەن! ئـاخر چۆنیـان زانـی ٣٠٠ تـەرمـی ئەنفالکراوەکان لە ناو فرگە ڕاگیراوە!!

**ڕێبوارێـک** دەیگێڕایـەوە: جارێکیـان لـە بـرایم خـەلیل ناسیاوێکی خـۆم بینی کـە ئێستا کاربەدەستە، دوای چاک و چۆنی پێیگوتم کـە بۆ کارێک سـەردانی تورکیا دەکـات و زووش دەگـەڕێتـەوە، ئیـدی هەردووکمان لە دیاربەکرەوە بە فڕۆکە چووین بۆ ئیستانبۆڵ لـەوێ لـەیـەکتری دابـڕاین، ڕۆژی دوایـی بـۆ سـوید دەڕۆیـشتم، بینـیم ئـەو لـەنـاو فڕۆکـە لـەگـەڵمانـدایـە، بـەگاڵتـەوە لێمپرسـی: لەوانەیە بەهەڵە سواربوویبیت!!

# هۆگر ئەحمەد و دوو کاری نوێ



له چاوپێکەوتنێک دا هۆگر ئەحمەد بەپەیامنێری (ڕۆژی گەل)ی ڕاگەیاند ؛ئێستا دووکاری نۆێم لەبەردەست دایە ،یەکێکیان( شانۆ)یە بەناوی (زیندان) کە لە نوسین ودەر هێنانی خۆمە ،لەلایەن بەرێوبەرایەتی شانۆ بەڵێنی هاوکاریان پێ داوم، ئەم شانۆیە باس لەکێشەی کۆمەڵایەتی منداڵ دەکات کە هەر کەس بە ناوی خۆیەوە گیراوە و هەندێ بە هۆی تاوانە گەورەکان ،توشی تاوان هاتوون.پرۆژەیکی ترم لەبەر دەست دایە ئەویش ۆرک شۆپێکە کە پیانۆ ژەنی ئەمریکی (مستر جۆن)مامۆستایی و چاودێری منداڵەکان دەکات و لەگەڵ مان دەبێت .ئەم شانۆیە دەقەکانی بەسەر شانۆ کارەکان دابەشکراوە ،ئێستا پرۆڤەی بۆ دەکەین .وابڕیارە لەگەڵ قوتابخانە نمایش بکرێت ،جێگەی باسە کە بودجەکەی لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری دابین کراوە.

# سەید ئەحمەد ڕواندزی لە ئەلبومێکی تازەی ئاوازدا



هونەرمەند سەید ئەحمەد ڕەواندزی لە چاوپێکەوتنیدا لەگەڵ پەیامنێری (ڕۆژی گەل) وتی: ئێستا سەرقاڵی ئەلبومێکی تایبەت بە کەمانم کە لە هەشت تراک پێک دێت .ئاوازەکانی جۆراو جۆرن و لە ناویشیان دا خاوو سلۆشی تێدایە، (ئاکۆ عومەر) کاری دەنگی بۆکردوە وە لەبەشی کیبۆرد ،(نیهاد ژەندویەتی)، ئێستا کارەکانی تەواو بووە .ئەلبومەکەم کە پارچە موسیقایێکە بەناوی (خەرەند)،یەکەم پارچەموسیقایە لە ئەلبومی خۆم .جگە لە کارەکانی خۆم ،ئێست اخەریکی کارێکم بۆ هونەرمەندی ناوچەی کوردستانی باکورخاتوو(نازدار والی) کەلەئەوروپا دەژی و لە ئەڵمانیا نیشتەجێیە. هەروەها سەرقاڵی ئەلبومێکی هونەریم بۆ هونەرمەند (ئیسماعیل سابور)ی و خاتوو (هۆزان دەروێش)، ماوەێکە سەرقاڵی ئەم بەرهەمانەیین، هەر سێ بەرهەمەکە لە ستۆدیۆی میلۆدی شاری هەولێر کاری بۆئەنجام دەدرێت. کاری چاپ و بڵاو کردنەوەی بەرێز (عیرفانی زەنگەنە) لە ئەستۆی گرتووە و ئەندازیاری دەنگ (ئاکۆ عومەر)، کاری دەنگی لە ستۆدیۆی میلۆدی هەولێر بۆ دەکات هەروەها لە روی مادیەوە (عیرفانی زەنگەنە) هاوکاری (نازدار والی) دەکات. نازدار والی بەنیازە تاپانزدە ڕۆژی تر بۆ کاری سیدیەکەی بگەرێتەوە بۆکوردستان. کارە گرنگەکانی خاتوو هۆزان دەروێش لە وڵاتی تورکیا ئەنجام دراوە. لەم ئەلبومە ژەنیارەکانی هەولێر بەشداریان تێدا کردوە. ئەو ئەلبومەی (ئیسماعیل سابور)ی، کاک (عەبدولرەحمان بێلاف) ئەرکی مادی بۆ کێشاوە و هەندێ لە شیعرەکان هی ئەوە . من لە ڕۆژانی ڕابردوو خەریکی موسیقای درامای (خەج و سیامەند)بووم بەشێوەیکی کۆس، کە چەند کچ وکور بەشداریان تێداکردوە، ئاواز ودابەشکردنی خۆم بووم کە لەم ماوەیە کۆتایی پێهات. زیاتر لە سێ ئەلبومەکە ئاوازم دابەش کردوە، دوو ئاوازم داوە بە هونەرمەند (تارا ڕەسول)، ئێستا خەریکی ئەلبومەکەی خۆیەتی. ئەلبومەکەی خۆم کومپانیای چوارچرا ئەرکی مادی بۆکێشاوە ،هەروەها کاری چاپ و بڵاوبوونەوەی بۆدەکات. دوو پارچە موسیقا کلیپ دەکەم بەناوی (ناسکە،جوانی) و(ئەمیرەکەم) کەسەتەلایتی کوردستان تیڤی کاری کلیپەکەی دەکات.

## ژووانگە

## بەزەیی برادەران!

ماوەیەک لەمەوبەر هاوڕێیەکی دێرینم کە لەمێژبوو یەکترمان نەبینی بوو، تەلەفۆنی لێکردم، وای پێشاندا کە سۆزو خۆشەویستی بزواوەو دەیەوێ سەردانم بکات.

ڕاستیەکەی چونکە دەمێک بوو دەرفەتی دیدارمان نەببوو، بە تەلەفۆنەکەی خۆشحاڵ بووم، لە دڵی خۆمەوە گوتم دیارە وەفاو خۆشەویستی ساڵانی خەبات لە دڵ و هزریدا نوێ بۆتەوە، خۆم بە قەرزبار داناو فەرمووم لێکرد.

هاوڕێکەم گوتی: ئەگەر لەماڵ بیت هەر ئێستا دێمە لات. ئیدی هەمووی چەند سەعاتێکی نەبرد، قسەکەی گەیاندە سەرو هات، بە تاسەوە یەکترمان لە باوەش گرت. قەدەرێک بەیەکەوە دانیشتین و بیرەوەری ئەو ڕۆژانەمان گێڕایەوە کە بەیەکەوە خەباتمان کردبوو! ئەو زۆر لێبڕاوانە بەسەرهات و چیرۆکەکانی خەبات و تێکۆشانی دەگێڕایەوە، نەمدەزانی مەبەستی لەبەبیرهێنانەوەی ئەو شتانە چییە؟!

هاوڕێ دێرینەکەم بەر لەوەی بڕوات بە گاڵتەوە پرسی:" ئەرێ ئەمە ماڵەکەتە؟!" من بە ئاسایی بە ئەرێ وەڵامم دایەوە. خۆزگە ئەو قسەیەم نەکردبایە! ئیدی دەرگەی قسەدانی لەریسمەوە دەرچوو، دەیان وشەی سۆزداری ڕیزکرد، بە حەسرەتەوە پێیگوتم: " وەڵڵا بەزەییم پێتدا دێتەوە! ئاخر چۆن پاش ئەو هەموو خەبات و ماندووبوونە ئەمە ماڵەکەت بێ؟! وەرە سەیری ماڵی من بکە، هەرچی گرانبەهاو نایابە تێیدایە، کۆشکێکی ڕازاوە، دڵت نایەت سەیری بکەی، ناوماڵێکی ڕێکوپێک، چوار سەیارەی مۆنیکا، هەروەها سێ خانووشم هەیە، ئێستا بە تەمام خانوێکی دیکەی هاوینەش دروست بکەم"

ئەو هاوڕێیە زۆر بێباکانە دەدواو سەرکۆنەی منی دەکرد، پێیوابوو لەققەم لە بەختی خۆم داوەو ڕەگەڵ ئەوان نەکەوتووم! من بە پێکەنیەوە سەیرم دەکرد، ڕاستیەکەی من بەزەییم پێیدا دەهاتەوە. گاڵتەم بە بۆچوونەکەی دەهات، بەڵام ئەو ئاهێکی هەڵکێشاو دووپاتی کردەوە :" براگیان! من بەزەییم بە ماڵ و منداڵت دێتەوە، ئاخر دوای ئەو هەموو ماندووبووبە ئەمەش حاڵت بێ؟!!

من نەمدەویست لە ماڵەکەی خۆمدا دڵی بشکێنم، بەڵام نەدەبووایە لەسەر دەرفەت باز بدەم، دەستێکم لەسەر شانی داناو بە گاڵتەوە پێم گوت:" باوەڕ بکە من بەزەییم بەتۆ دێتەوە! تۆ خەباتت بۆ نەتەوەو نیشتمانەکەت کرد یان بۆ خانوو و مۆنیکا؟! تۆ تا بینەقاقات نوقمی گەندەڵییەو ئاگات لەخۆت نیە، تۆ بەشداریت لە شەڕی براکوژیشدا کرد، لەوانەیە ئازاری دەیان کوردیشت دابێ، لەوانەیە بۆ خۆ دانەپێش چەندین بنەماڵەت هەناسە سارد کردبێ، بەڵام من خەباتم بۆ پاداشت نەکردووە، ئێستا زۆر سەربەرزم، ویژدانم ئاسوودەیە، زمانم درێژەوە پەنجە دەخەمە ناو چاوی گەندەڵچییەکان، ڕووم هەیە لەبەرانبەری لەوانەی بە دزییکردن سەروەت و سامانیان کۆکردۆتەوەو دەوڵەمەندوبوونەو بپرسم: **مین ئەینە لەکە هازا!**

هاوڕێ دێرینەکەم کە زۆریش قسە خۆش و قسە لە ڕووە دەمی بوو بە تەڵەی تەقیوو، هەر هێندەی بۆ مایەوە بڵێ: لەسەر ئەو ئەقڵەی بۆیە حاڵت وایە!

ئەگەر لە ماڵەکەی خۆم نەبووایە، ڕاشکاوانە پێم دەگوت کاکی برا تۆ بە دزی ئەو شتانەت کۆکردۆتەوە، دواتر ئەگەر ئەو موڵک و ماڵەت هەبێ، نامریت؟! باشە بۆچی خەبات و تێکۆشانی خۆت بە پارە گۆڕیوەتەوە. نە ناچارییەوە تەنیا ئەم دێڕە هۆنراوەیەم وەبیر هێنایەوە کە شاعیر فەرموویەتی:

مولکی دونیا چڵکی دەستە وەک دەڵێن
دەوڵەمەند پەیمان شکێنەو بێ بەڵێن

هاوڕێکەم ماڵئاویی کردو ڕۆیشت، ئیدی جارێکی دیکە تەلەفۆنی نەکردەوە، وا بزانم ئەو هات و بازووی سەرمایەی خۆی کە لەپەنای دەستەڵاتەوە کۆی کردۆتەوە پێشان بدات، پێیوابوو بەو قسانە دەتوانێ پەلکێشم بکات

**باوکی فلاد**

ROJI GEL

Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK
Mob:07701398499 07301191497

ناونیشان: سلێمانی، گەڕەکی مشیراوا(ڕزگاری) نزیک گۆڕەپانی هونەر، نووسینگەی ڕۆژی گەل، ٠٥٣٢١٠٩٢٥٦

پێگەی ئینتەرنێتی
www.rpk93.org

پۆستی ئەلیکترۆنی
info@rpk93.org
rpk93@hotmail.com